# ئاسایشی ووزە لە دەریای ناوەڕاست و کاریگەری بەسەر باشورو ڕۆژئاوای کوردستانەوە

بەهرۆز جەعفەر

معهد ميدتريانة للدراسات الاقليمة
Mediterranean Institute for Regional Studies

www.mirs.co

تەمموزی ٢٠١٩

ئینستیتوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS، دامەزراوەیەکی نا حکومی ئاکادیمی یە، گرنگی ئەدات بە توێژینەوە لە بواری نەوت و غازی سروشتی و سامانی ئاودا، هاوکات خۆی بە لایەنێکی گرنگی کارکردن ئەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی جیۆپۆڵەتیك و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی بەگشتی، ئەیەوێت بەشداری زانستی بکات لەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئاستی جیهانی دا، سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی سەرچاوەکانی ووزەو ئاسایشی هەرێمایەتی و بونیادنانی ئاشتی و کێشە مرۆییەکان لە ئارادایە، هەروەکو سێکتەرەکانی کارکردن بە سێ زمانی کوردیی و عەرەبی و ئینگلیزیی لە وێبسایتی ئینستیوت دا ئاماژە پێدراوە(www.mirs.co)

## ئاسایشی ووزە لە دەریای ناوەڕاست و کاریگەری بەسەر باشورو ڕۆژئاوای کوردستانەوە




ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی دەریای سپی (مێدیتریانە): سوریا، قوبرس، ئیسرائیل، میسر سەرقاڵی دەرهێنانی ووزەن لەژێر ئاودا


- بەهرۆز جەعفەر: سەرۆکی پەیمانگەی مێدیتریانەیە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، خوێندکاری دکتۆرایە لە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان – زانکۆی قوبرصی نێودەوڵەتی.

عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی

ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان وە یاخود Bilal@mirs.co

قوبرص- نیکۆسیا- هاسبولات: Bahroz@mirs.co تە لە فۆن: 00905338601514

## پێشەکی

دەریای ناوەڕاست پێگەیەکی ستراتیجی بێشوماری هەیە، زانایانی بواری بازاڕی ووزەو جیۆپۆڵەتیك لەوباوەڕەدان ئەو وولآتانەی لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست لە ڕووی جیۆپۆڵەتیکی ووزە یاخود هاوپەیمانێتی سیاسیەوە خۆیان پەیوەست ناکەن بەم حەوزەیەوە، ئەوا لەم جەنگە نوێیەدا لە سارادا بەتەنها بەجێ ئەمێنن. لە ڕووی مێژووییەوە ڕۆژهەلآتی دەریای سپی بە لانکەی سەرهەڵدانی شارستانیەت و بە "مانگی بە پیت" ناسراوەو، مرۆڤایەتی لەم ناوچەیەوە بەرەو شوێنەکانی دیکەی دونیا ڕۆیشتووە، لە ڕووی جوگرافیەوە خالّی بەریەککەوتنی سێ کیشوەری ئاسیاو ئەفریکاو ئەوروپایە، بەمانایەکی تر ئاسایشی دەریای ناوەڕاست ئاسایشی ئەوروپایە، پرسی ئاسایش لەم ناوچەیە خۆی لە مەسەلەی کۆچبەران و پەنابەرانی نایاسایی دا ئەبینێتەوە کە لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکاوە ئەپەڕنەوە بۆ ئەوروپا، هەروەها زۆر بابەتی دیکەی وەکو: دیاریکردنی سنوری ئاویی و ماددەی هۆشبەرو، قاچاخچێتی کردن بە مرۆڤ و کالآ نایاساییەکان و...تادوایی.

ئەم نوسینە دروست مەبەستیەتی باس لە کێبڕکێی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی ووزە بکات، لە لایەن هەریەکە لە: قوبرص ، ئیسرائیل و میسرەوە هاوکات کاریگەرییان بەسەر باشورو ڕۆژئاوای کوردستانەوە. ئەم سێ وولآتە ڕووبەری ئاوی هاوبەشیان هەیەو لە ڕۆخ و قوولآیی دەریادا غازی سروشتی و نەوت بەرهەم ئەهێنن، هێڵی بۆڕی غازی سروشتی ئەم وولآتانە بە ڕووبەرێکی نزیك ئەگاتە دوورگەی "کریت-Crete" ی یۆنانی و لەوێوە بەرەو ئیتاڵیاو ناوەڕاستی ئەوروپا. ئەمە لەکاتێکدایە بەرەبەیانی ڕۆژگارێکی نوێ لە باکوری وولآتی شام (سوریا) دەرکەوتووە، کە ئیمرۆ بێت یان سبەی باشورو ڕۆژئاوای کوردستان سەری ئەگاتە ناو خوانی ئەم گۆڕانکارییانە، جیهانی عەرەبی: لە سعودیە، ئەردەن و عێراقیش ئەوەیان لەمس کردووە کە ئەبێت ببنە ڕێگەی ئاوریشمێکی نوێ بەرەو دەریای ناوەڕاست. باسەکە لەڕووی تیۆرییەوە بەو میتۆدەیە کە لە جۆری شیکاریی پێشبینیکراو ( Predictive Analysis)ە، کە پاڵپشت بە کۆمەڵێك داتاو فاکت بەهۆی ڕووداوەکانی ڕابردوو و دۆخی ئێستاوە ڕێبازی ڕووداوەکانی ناوچەکە لە ئایندەدا دەست نیشان ئەکا.

## یەکەم: دیرۆکی دۆزینەوەی غازی سروشتی لە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست

مرۆڤایەتی نزیکەی (٥٠٠٠) هەزار ساڵە پیترۆڵ و غازی سروشتی ناسیوە، تاهەنوکەش نەوت و غازی سروشتی (٥٦٪) ی سەرچاوەی ووزەی ئەم گۆی زەوییە پێك دێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ولآتانی پێشکەوتوو توانیویانە تا ئاستێکی باش سوود لە ووزەی نوێ (Renewable Energy) وەربگرن بەهۆی

بەرهەمهێنانی ووزە لە ڕێگەی (با) و تیشکی (خۆر) و...تادوایی. بەپێی ئاژانسی ووزەی جیهانی–IEA لە ساڵی (٢٠١٩) ەدا ڕۆژانە جیهان (٩٤) ملیۆن بەرمیل نەوت سەرف ئەکات، ئەم برە لە ساڵی (٢٠٤٠) پێشبینیکراوە بگاتە (١٤٠) ملیۆن لە ڕۆژێکدا[1]. بەپێی ئاژانسی ڕۆیتەرز لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠ تا ٢٠١٨) بڕی بەکاربردن و خواست لە سەر غازی سروشتی ساڵانە (٤,٦٪) زیادی کردووە، لە (٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٤) پێویستی و خواست بەهەمان شێوە بە بڕی (١,٦٪) ی ساڵانە زیاد ئەکات. لەبەرانبەردا خواست لەسەر نەوت بە بڕی (٠,٨٪) زیاد ئەکا. (٧٠٪) ی ئەم خواستەش لەلایەن چین و ویلایەتە یەکگرتوەکانەوەیە[2]. نەوت بەتەنها کاڵایەکی ئابورییە، بەڵام غاز کەرەستەیەکی ئابوری–سیاسیە:

ئەوروپا لەو ناوچە گرنگانەیە کە تینووە بە نەوت و غازی سروشتی، سەبارەت بە ڕاکێشانی هێڵی بۆڕی نابۆکۆ (کە گواستنەوەی غازی سروشتیە لەناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ ناوەڕاستی ئەوروپا بە درێژایی ٣٣٠٠ کیلۆمەتر بە بناگوێی ڕوسیادا)، ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٤ زۆری نەمابو جەنگێکی جیهانی لە نێوان ناتۆ و ڕووسیادا هەڵبگیرسێت. زۆری نەبرد بڵێسەی شۆڕشێکی لە بواری ووزەو جیۆپۆڵەتیکدا دەریای ناوەڕاستی تەنیەوەو، ڕێگەی دووری بۆ خۆرئاوا نزیك کردەوە.

دەمێك بو، ئیسرائیل لە بونی یەدەگێکی سروشتی زۆر لە کەنارە ئاوییەکانی دەریای ناوەڕاست دا بەئاگابون، ساڵی (٢٠٠٩) بە تەکنیکێکی پێشکەوتو کۆمپانیای نۆبڵ ئینیرجی–Noble Energy ی ئەمریکی بەهاوکاری دوو کۆمپانیای نێوخۆیی دەستیان دایە گەڕان و پشکنین، لەساڵی (٢٠١٠) توانیان لە باکوری حەیفا لە کێڵگەی (تیمارو تیمار دروم) یەدەگی (٣٠٧) ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لە قووڵایی (١٧٥٠) مەتر ژێر ئاوی دەریاوە بدۆزنەوە، لە هەمان ساڵدا توانییان گەورەترین کێڵگەی غازی بەناوی "لیڤاسان–Levathan" بدۆزنەوە کە یەدەگی سروشتی تیایدا (٦٢٢) ملیار مەتر سێجایە، ئەوە جگە لەچەند کێڵگەیەکی تری نا–سەرەکی وەك "کریش و دلیت"، بەمەش ئیسرائیل لەلایەك چانسی ئەوەی وەرگرت بۆ (٥٠) ساڵ زامنی تۆڕباین و تۆڕی کارەبای ناوخۆیی خۆی لە ڕێگەی غازی سروشتیەوە مسۆگەر بکات[3] . لەلایەکی تریش غازی سروشتی ئیسرائیلی کرد بە ڕێبەرێکی هەرێمی گرنگ لە دەریای ناوەڕاست. بۆیە لەساڵی (٢٠١٧) ەدا بۆ یەکەمجار ئیسرائیل غازی سروشتی ڕەوانەی ئوردون کرد.


ئیتر لەمەولا ئیسرائیل لە وڵاتێکی هاوردەکارەوە بو بە وڵاتێکی هەناردەکاری یەدەگی سروشتی. بەدرێژایی ماوەکانی پێشو ئیسرائیل غازی سروشتی لە میسر (عەریش)ەوە بۆ (عەسقەلان) هاوردەئەکردو، ئەمریکاش هەمیشە پارێزەری پاراستنی ئەوپەیوەندییە دووقۆڵییە بووە. گومان لەوە نییە کە "میسر" یەکەمی یەدەگی سروشتیە لەسەر ئاستی دەریای ناوەڕاست.



دەرچەیەکی نەوت لە گەورەترین کێڵگەی غازی سروشتی "لیڤاسان" ی ئیسرائیلی لە کەناراوەکانی نزیك حەیفا (سەرچاوە: هارتز: www.haaretz.com )

ساڵی ٢٠١١ کۆمپانیای نۆبڵ ئینێرجی ڕایگەیاند لە کەناراوەکانی قوبرس (قوبرسی یۆنانی) بە دووری تەنها (٣٤) کم لە کێڵگەی لیڤاسانی ئیسرائیلەوە کێڵگەی ئەفرۆدێت– Aphrodite یان لە کەناراوەکانی قوبرس لە بلۆکی ژمارە (١٢ ) ەدا دۆزیوەتەوە، کە یەدەگی غازی سروشتی تیایدا (٤,٥٤) تریلیۆن پێ سێجایە بەدوای ئەمەدا کۆمپانیای ئینی– ENI ئیتاڵی ساڵی (٢٠١٨) لەناو دەریادا بە قووڵایی (4200) مەتر دۆزینەوەی بڕی (5 بۆ ٨) تریلیۆن پێ سێجای دیکەی غازی سروشتیان لە بلۆکی ژمارە (٦) کە بەکێڵگەی "کالیپسۆ– Calypso" ناسراوە ڕاگەیاند (ئەمەش بۆ قوبرس سەرکەوتنی گەورەبو بۆیە ناونرا ساڵی هەواڵە خۆشەکە). لە (شوباتی ٢٠١٩) شدا کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل و قەتەر پیترۆلیۆم کێڵگەیەکی گەورە کە چەند بیرێکە (گلاوکوس–1- Glaucus) لە ڕۆخی دەریا دۆزییەوە، لەراپۆرتەکەیاندا مەزەندەی ئەکەن بە (٥ بۆ ٨) تریلیۆن پێ سێجا، بەڵام ئەمەیان نزیکە لە سنوری قوبرسە تورکیەکەوەو، تورکیای خستۆتە مانۆڕی سەربازیی جۆراوجۆرەوە لە ئاوەکانی دەریای ناوەڕاستدا. ئەم ناوچە ئاوییانە لە یاسای نێودەوڵەتی دا بە ناوچەی ئابوریی دیاریکراو یان حەسری (EEZ) بەناوبانگە[٤].

ئەتوانین قوبرس ناوبنەین قەتەری دەریای ناوەڕاست، کە بوە بە دیاردەیەکی ئابوریی و جیۆپۆڵەتیکی گرنگ، ئەم دوورگە بچوکەش لەژێرهەژمونی عوسمانیەکاندا بو، پاشان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە ئیمپیریالیزمی بەریتانی کردیە جێ پێ و بەردەبازێکی گرنگ بۆخۆی، تا لێوەی بڕوانێتە ئەوبەری ئاو و بگاتە نۆکەندی سوێس و دەریای سوور، ساڵی (١٩٦٠) ئیمپریالیزم قوبرسی بەجێهێشت، لە (١٩٧٤) ەدا سەرۆکوەزیرانی تورکیا "بوڵند ئەجەوید" و بە پاڵپشتی تەوژمی ئیسلامی تورکی هێرشیان کردە سەر قوبرس و، تیایدا تورکەکانی قوبرس و یۆنانیەکان شەڕی خوێناوییان بەرپاکرد، لەساڵی (١٩٨٣) بە ئاگەداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەریتانیاو ئەمریکا ئەم دوورگەیە دابەشکرا، قوبرسی باکور (قوبرسی تورکی–TRNC) ڕێژەی (٣٥٪) خاکەکەی بەرکەوت، بەشی باشوری دوورگەکەش درا بە یۆنانیەکانی قوبرس، هەردوولا دەوڵەتی سەربەخۆیان ڕاگەیاند، لەئامادا هەموو جیهان دانی نا بە قوبرسی یۆنانی دا، پارچە تورکیەکەش تەنها تورکیا دانی پیادا ناو تا هەنوکەش هەر بە دان پیانەنراوی ماوەتەوە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا. هەرچی تورکیایە قوبرسی کردۆتە کارتێك بۆ دەستێوەردانی ئاویی و سەربازیی، هەرچی یۆنان و دەوڵەتی قوبرسیشە کار لەسەر مانەوەی پارچە تورکیەکە ئەکەن بە نەناسراوی لەلای دامودەستگە نێودەوڵەتیەکان. ساڵی ٢٠٠٤ قوبرص بو بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، یەکسەر باشوری دوورگەکەیان دابەش کرد بەسەر ١٣ بلۆکدا. کە تا ئێستا تەنها لە سێ کێڵگەی سەرەکی کاری بەرهەمهێنانی تیا ئەکرێت[٥].




نەخشەی بلۆکە غازی و نەوتیەکانی قوبرس لە کەناری دەریا( سەرچاوە:eastmedforum.org )

## دووەم: هاوپەیمانی ستراتیجی لە دەریای ناوەڕاست

ئەم گۆڕانکارییە ئابوریی و سیاسیی و ئەمنیانە بە بێ دەستێوەردان و پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان نییە، گەشەسەندنە ئابوری و سیاسییەکان لەدەریای ناوەڕاست، لە کاتێکدا سەریانهەڵدا کە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست کشایەوە. دەرکەوت ئەمریکا لەسەر ئەم مێزی بلاکجاکە قوتویەکی تری کردۆتەوە بۆ یاریکردن، ئەویش لە ڕۆژهەلاَتی دەریای سپی ناوەڕاستە (قوبرس، ئیسرائیل، میسر، سوریا). ڕووداوە گەورە گان لە جۆرجیا ساڵی (٢٠٠٨) و بەهاری عەرەبی (٢٠١١) و پەڕینەوەی پریشکی ئاگرەکە بۆ ئۆکرانیا و دوورگەی کریما لە (٢٠١٤) نیشانی دا کە ئەوروپا پلَنگێکی بێ دەم وددانە و، بەرگەی تێرمی ئاسایشی ڕەق (Hard Security) ناگرێت. بۆیە ئەم دۆزینەوەیەی نەوت و غازی سروشتی لەدەریای ناوەڕاست (کە ئەکاتە باشوری ئەوروپا) ئەوروپای خستۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکەوە بۆ ئەوەی تیا سەرکەوتو بێت. چونکە پێشوتر لەمەسەلەی بونیادنان و ڕاکێشانی هێڵی نابۆکۆدا بە چاودێری و سەرپەرشتی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکان "باراك ئۆباما" ئەندامێتی ولاَتانی ئەوروپی تینو بە ووزە تیچوی هێڵەکە گەیشتە ( ١٠,٧) ملیار دۆلار و شکستیان هێنا، بەلاَم لە (٢٠١٩) قۆناغی کۆنێکت کردنی کێڵگەکانی قوبرس و ئیسرائیل و میسر و گەیشتنی بەئەوروپا لە ڕێگەی یۆنانەوە تەواو بووە تەنها (٧) ملیار دۆلاری تێچووە[٦]. بۆیە هێڵەکانی ووزە لەدەریای ناوەڕاست نەك هەر ئەبێتە ئەلتەرنالتیڤی هێڵی نابۆکۆ بەڵکو جێ بەهەر پرۆژەو هێڵکارییەکی تری ڕووسیاو تورکیاش لێژ ئەکات لە سنوری دەریای ڕەش.

واشنتۆن خاوەنی دوو بنکەی سەربازییە لە قوبرس (ئەکروتیری) و (دیکلیا)، یۆنان جگە لەوەی خاوەن ڕۆکێتی پاتریۆتە لەگەڵ ئیسرائیلیشدا خەریکی بونیادنانی سیستەمێکی ڕاداری هاوبەش لە کریت دای بنەن (کریت: دوورگەیەکی بچوکی یۆنانە وەك مەنهۆڵەکەی لێهاتووە سەری هەموو بۆرییەکان بەوێدا تێپەڕئەبن). جگە لەمانە تا ئێستا چەندین جار کۆنگرێس و سیناتۆرە ئەمریکیەکان پرۆژەیان سەبارەت بە ڕۆژهەلاَتی دەریای سپی پێشکەش کردووە، لە (٢١ی مارسی ٢٠١٩) شدا وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان "مایك پۆمبیۆ" سەردانی قوبرسی یۆنانی و ئیسرائیلی کردووە تایبەت بە پرسی ووزەو پرسی ئاسایش لەناوچەکەدا هاوپەیمانەکانی ئەمریکای یەکخستوە[٧]، کۆتا جار بەهۆی دەستێوەردانەکانی تورکیاو ناردنی دوو کەشتی بۆ سنوری قوبرسی تورکی بۆ گەڕان بەدوای غازی سروشتیدا، دوو ئەندامی ئەنجومەنی پیران پرۆژە یاسایەکیان پێشکەشکردووە، ئەو دوو سیناتۆرە "ڕوبرت مینیدنیز" ئەندامی دیموکراتەکان لە ویلایەتی نیوجیرسی و "مارکو ڕۆبیو" سێنەیتی کۆمارییەکان لە ویلایەتی فلۆریدا، لە پرۆژەکەدا هەوڵ ئەدەن ئەمریکا هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ

قوبرسی یۆنانی پێك بهێنێت، بەڵام تورکیا کێشەی دەریایی لەگەل قوبرص هەیە. بۆ ئەمەش داوای ئەوە ئەکەن ئەو ئابلۆقەی هەناردەکردن و جێگیرکردنەی چەك کە ئەمریکا ساڵی (١٩٨٧) سەپاندویەتی بەسەر قوبرس دا لای ببات. هەموو ئەمانە لەکاتێکدان کە لە ساڵی (٢٠١٧) ەوە هاوپەیمانێتیەکی تا ئەوپەڕی بەهێز بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەنێوان: قوبرس- ئیسرائیل- یۆنان دروستبووەو، دەیان کۆنفرانسی زانستی و، کۆبونەوەی لوتکەی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتانە ئەنجامدراوە. هەڵبەتە "میسر"یش بەشێکی گرنگە لە هاوپەیمانێتیەکەو، هاوڕایە لەگەڵیان.

## سێهەم: ئایا تورکیا بە دەست نوقاوی ئەوەستێ بەدیار گۆڕانگارییە هەرێمایەتیەکانەوە؟

لە کتێبی "قوولایی ستراتیژی" دا ساڵی (٢٠٠٨) وەزیری ئەوکاتەی دەرەوەی تورکیا پرۆفیسۆر "ئەحمەد داودئۆغلۆ" ئەوە دەستنیشان ئەکا کە "تورکیا دەوڵەتێك نییە بە دوای هەقیقەت بکەوێ، بەڵکو ئەبێت ڕێی پێ نیشان بدرێ ، بەمانایەکی تر ئەو ئەڵێ "تورکیا ناتوانێ پێناسەی خۆی بکات بە ڕێگەیەکی بەرگریکارانە، ووردتریش ئەڵێ تورکیا تەنیا وولاتێك نییە کە بیر لە سەقامگیریی خۆی بکاتەوە، بەڵکو ئەبێت وا بکات ببێتە فاکتەری سەقامگیریی ئەوانی تر و بیر لە ئاسایشی دراوسێکانیشی بکاتەوە". یانی تورکیا (بەتایبەت لە سەردەمی ئاکپارتی دا) وولاتێك نییە بە بێ دەستێوەردان لەکاروباری ئەوانی تر بوەستێت. ئەمەش لەلای ئەوانەی ئەکەونە سەر دەریای ناوەڕاست وەکو: سوریا و ئیسرائیل و قوبرس و میسر و یۆنان جێگەی ترسێکی گەورەیە، بەتایبەت کە پێشوتر لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکاندا چەشتویانە بە دەست تورکەکانەوە. بەکورتیەکەی تورکیا وولاتێکە زۆر تینوە بە غازی سروشتی ساڵانە بایی ٥٠ بۆ ٦٠ ملیار دۆلار غازی سروشتی ئەکرێت، ئەیەوێ بەشداری بکات لە دەرهێنانی ووزەو هاوپەیمانێتیەکانی دەریای ناوەڕاست، بەڵام بڕیاری سەرەتا تاکۆتایی ئەوەیە ڕێگە نادرێت تورکیا هیچ ڕۆڵێکی هەبێت لە هیچ شوێنێکی دەریای ناوەڕاستدا، چونکە قوبرس تورکیا بەداگیرکار ئەناسێنن، لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانی تورکیا لە دوای لێدان لە کەشتیەکەی غەززە لە کۆتایی ٢٠١٠ ەوە پەیوەندییەکانیان ئاسایی نەبۆتەوە، میسریش لە هاتنی "سیسی" یەوە ناحەزێکی گەورەی تورکیاو ئەردۆگانە، یۆنانیش لەسەر کێشەی قوبرس و دوورگەکانی تر کارێك لە بەرژەوەندی تورکیا ناکات، هاوکات تورکیا بەهۆی کڕینی مووشەکی s400 لە ڕووسیا پەیوەندییەکانی لەوپەڕی خراپیدایە لەگەڵ ئەمریکا. لەبەرانبەر هەموو ئەمانەدا تورکیا زیاتر لە (٤٠٠٠٠) چل هەزار سەربازی لە قوبرسە تورکیەکەدا جێگیرکردووە، کەشتیەکانی بواری هەڵکەندنی ناردۆتە دوورگەکە، ئەمەش بە پێشێلکاری یاسای ئاویی نێودەوڵەتی دائەنرێت.




کەشتی "فاتیح" ی تورکی لە کەناراوەکانی قوبرصی تورکی بۆ گەڕان و هەڵکەندنی بیری غازی سروشتی

سەرئەنجام دوای ئەوەی لە ڕووسیاوە مووشەکی S-400 گەیشتە تورکیا، هەمان ڕۆژ (١٣ی تەمموزی ٢٠١٩) ئەمریکا ئابلۆقەی هاوردەکردنی چەکی لەسەر قوبرس هەڵگرت کە لەساڵی (١٩٨٧) ەوە بەسەر ئەو دورگەیەدا سەپاندبو. بۆیە یەکەمین گورزێك کە لە سیستەمی ئاکپارتی بە ڕێبەرایەتی "ئەردۆگان" بدرێت لە حەوزەی دەریای ناوەڕاستەوە ئەبێت.

## سەرئەنجام: بۆڕییەکەی کوردستان ئاسۆی سەربەخۆییە؟

بەرەبەیانێکی تازە لە دەریای ناوەڕاست بە پاڵپشتی بەهێزی ئەمریکا دەستی پێکردووە، لە کورتیدا بریتی یە لە گەمەیەکی جیۆپۆڵەتیکی و شۆڕشێك لە بواری ووزەدا (شۆڕشێك لە ژێر ئاودا).

بەدرێژایی ئەو ڕووداوانەی لەم بابەتەدا هاتوون، بەتایبەتیش لەدوای ساڵی ٢٠١٣ ەوە لە قوبرس ئاگەداری ناوەندە ئەکادیمی و کێڵگەنەوتیەکان بوین، ڕۆژێك دۆخەکە نائاسایی بو، زانکۆی نیەرئیست ئێمەی دەستنیشان کرد وەك قوتابی خوێندنی باڵا بۆ قسەکردن لەسەر دۆزینەوەی غازی سروشتی و ئەم ڕووداوانە. پرۆفیسۆرێکی فارسیش لەوێیە "ئارش شەرگی"، گەرمەی شەڕی داعشە لەعێراق ساڵی (٢٠١٥)، گوتی ئێران و کوردەکانی شیمالی عێراق لە حەوزەی مێدیتریانە (دەریای ناوەڕاست) ەوە نزیکن، ئیمڕۆ یان سبەی دەگەنە ئەم کوتلەیە!. ئەوە بووە هەوێنی دامەزراندنی " ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ

توێژینەوەی هەرێمایەتی –MIRS" لە قوبرس لەلایەن ئێمەوە، کە یەکەمین ناوەندێکی زانستی نا– دەوڵەتیە بەزمانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوەو لە باشوری کوردستانیش تۆمارکراوەو ئۆفیسی هەیە . بەپێی ڕۆژگار ڕووداوە ناوچەییەکان وای لە ئێران کرد بە کەنداوی عەرەبی و گەرووی هورمزەوە سەرقاڵ بێت (سەرقاڵ بکرێت) و لە سوریاش کوردانی ڕۆژئاوای نزیك کەناری دەریا پڕ چەك بکرێن لەلایەن ئەمریکاوە (ترامپیش ڕێگەی نەدا کوردەکانی سوریا کۆمەڵکوژی بکرێن لەلایەن ئەردۆگانەوە).

وەك لە نەخشەی ناوچە پیترۆلیەکانی سوریادا دیارە (٩٠٪)ی ئەو ناوچانەی دەوڵەمەندن بە نەوت و شەیڵ غاز ئەکەونە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریاوە (واتە ڕۆژئاوای کوردستان کە پێش هەڵگیرسانی جەنگی لە سوریا– ٢٠١١ ڕۆژانە (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی تیا بەرهەمهێنراوە، هەرچی هەرێمی کوردستان (باشور) ە لەناوخۆدا ژێرخانی هێڵی بۆری تەواوکردوەو، جیهان لە توانا هایدرۆکاربۆنیەکانی ئاگەدارە. ئەمەش ناوەندەکانی بیرکردنەوەی خستۆتە دۆخێکەوە بیر لەوە بکەنەوە هێڵی بۆری کوردستان بە خاکی تورکیادا تێ پەڕنەبێت، بەڵکو بۆری کوردستانی باشور و ڕۆژئاوا پێکەوە کۆنێکت بکرێن و بە نزیکترین ماوە بگەنە حەوزەو کوتلەکەی دەریای ناوەڕاست. ئەمەش سەنتەری "بیغن– سادات" ی ئیسرائیلی ناوی ناوە "ستراتیجی دەوردانی ئەردۆغان.

### بیبلۆگرافیا:


1- BP Statistical Review of World Energy (2019) , 68th edition

٢- رويترز (٢٠١٩) : وكالة الطاقة: الطلب العالمي على الغاز سينمو ١,٦٪ سنويا حتى ٢٠٢٤
https://ara.reuters.com/article/businessNews/idARAKCN1T80Z8

3- Gürel. A. Harry. M and Hubert T (2016) Global Energy Debates and the Eastern Mediterranean. Atlantic Concil. P:59-61

4- Tsakiris. T (2019)The Importance of East Mediterranean Gas for EU Energy Security: The Role of Cyprus, Israel and Egypt. University of Nicosia. P: 3- 9

5- Karakasis, V (2015) Energy Security and the Cyprus Question: “Securitization” of Energy in the Eastern Mediterranean. Leiden University.

6- Arab center Washington DC (2019) The Eastern Mediterranean Gas Forum Reinforces Current Regional Dynamics. by Joe Macaron. JANUARY 25, 2019

٧- اليوم السابع (٢٠١٩): بومبيو يشيد باجتماعه مع قادة اليونان وقبرص وإسرائيل. الخميس، ٢١ مارس ٢٠١٩ ٠١:٠٦ : انظر هنا
https://www.youm7.com/.../بومبيو...وقبرص-وإسرائيل/٤١٧٩٨٩٠